# ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسیی گەنجانی زانکۆ
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی کۆیە

**بەسیدە حیدر انور [1]، حازم علی رمضان[2]، داستان عمر محمود[3]**

[1,2] بەشی پەروەردە و دەرونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
٣ بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی گرفت و ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆیە. توێژینەوەکە بە ئاراستەی چەندایەتی و بە میتۆدی پەسنی (وەسفی) ئەنجام دراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣_٢٠٢٤)پێکهاتووە، کە بەگشتی (٤٤٥٥) خوێندکارن، بۆ وەرگرتنی نمونەکەش پەنابراوەتە بەر نمونەی هەڕەمەکیی چینایەتی لە جۆری نا ڕێژەیی، کە بەگشتی بریتن لە (٣٧٢) خوێندکار. توێژەران پێوەرێکی (٣٤) بڕگەییان دانا، کە چوار ڕەهەندی (دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی-ڕۆشنبیری، دەرونی و سیاسی) لەخۆگرتبو، بە ڕێگای فۆڕمی ئۆنلاین بۆ بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە نێردراوە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: ئاستی ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، لە سەرجەم ڕەهەندەکان، لە ئاستێکی مامناوەندداپە. هەر لەو ڕادەیەش ئاستی ڕەهەندی دامەزراوەیی، بە بەراورد بە ڕەهەندەکانی دیکە، بەرزترە و ئاستی ئاڵنگارییەکان لە ڕەهەندی سیاسی بە بەراورد بە ڕەهەندەکانی دیکە، کەمترە. گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لە ڕەهەندی سیاسی، جیاوازیی دروستکردووە و جیاوازییەکەش بۆ ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە گۆڕاوی دیمۆگرافیی لایەنگری حیزبی یا بێلایەنی، لە سەرجەم ڕەهەندەکان هیچ جیاوازییەکی دروستنەکردووە. کەواتە بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، بە گشتی، لە ئاستێکی بەرزدا نییە. سەبارەت بە گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز دەتوانین بڵێین: بە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمە، پرس و بابەتە سیاسییەکان زیاتر پیاوانە دەرکەوتووە و بەشداریی ڕەگەزی نێر زۆرترە، ئەمەش وادەکات ئەگەر گرفتێکیش هەبێت زیاتر ئەوان ڕوبەڕوی ببنەوە. هەروەها سەبارەت بە لایەنگری حیزبی بەو دەرئەنجامە دەگەین خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بە هۆی هەبون یا نەبونی ئینتمای حیزبی، ڕوبەڕوی گرفت و ئاڵنگاری نەبونەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** بەشداریی سیاسی، ئاڵنگاری، خوێندکار، خوێندکاری زانکۆ، گەنجان.

## ١. پێشەکی [1]

بەشداریی سیاسی بەردی بناغەی کۆمەڵگا دیمۆکراتیکەکانە، کە ئامرازەکان بۆ هاووڵاتیان دابیندەکات بۆ کاریگەریدانان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان و لێپرسینەوە لە سەرکردەکان و داکۆکیکردن لە گۆڕانکارییەکان. هەربۆیە ئەمڕۆ بەشداریی سیاسی وەکو گرنگترین پێوەرەکانی گەشەسەندنی سیاسیی کۆمەڵگاکان بۆتە شتێکی حەتمی و ڕۆڵی کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات و گەشەسەندو هەیە و بە یەکێک لە سەرەتاییترین فۆرمەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە ئەم بابەتەش یەکێکە لە بابەتە بنەڕەتییەکان لە بواری کۆمەڵناسی بە گشتی و کۆمەڵناسیی سیاسی بە تایبەتی. زانایانی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشداریی سیاسی بەو پرۆسەیە پێناسە دەکەن کە تاک لە ڕێگەیەوە ڕۆڵی لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگاکەیدا دەگێڕێت و دەرفەتی ئەوەی هەیە بەشداری بکات لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئامانجە هاوبەشەکانی ئەو کۆمەڵگایە چین و باشترین ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجانە چین؟ (SHRIVASTAVA, 1987: 84).

ئەگەرچی بابەتی بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکان بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا گرنگە، بەڵام سەبارەت بە گەنجان و بەتایبەتی خوێندکارانی زانکۆ، ئەم گرنگییە بەرچاوتر خۆی دەنوێنێت، لەبەر ئەوەی لەلایەک ئەوان نەوەی داهاتوی کۆمەڵگان و لە لایەکی دیکە گەیشتونەتە ئاستێکی بەرزتر لە بیرکردنەوە و مەعریفە. هەر بۆیە پێویستی بە زیاتر گرنگیپێدانی ئەم توێژەی کۆمەڵگا هەیە، چونکە ئەوان نەک تەنها نوێنەرایەتیی بەشێکی بەرچاو لە دەنگدەران دەکەن؛ بەڵکو نوێنەرایەتیی سەرکردەکانی داهاتوی

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ بەسیدە حیدر انور، حازم علی رمضان، داستان عمر محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٥ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تەمووز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: Hazm.ali@koyauniversity.org

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

کۆمەڵگاش دەکەن. سەرەڕای گرنگیی دانپێدانراوی بەشداریکردنی گەنجان، توێژینەوەکان ئاماژە بە دابەزینی بەردەوامی بەشداریکردنی سیاسی لە نێوان ئەم توێژەدا دەکەن و خوێندکارانی زانکۆش وەک توێژی گەنج زۆرجار ئاستی بەشداریکردنیان، بە بەراورد لەگەڵ گروپە تەمەنییە بەتەمەنەکان، کەمترە .(Dalton, 2016: 189)

بەشداریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆ، بە بوارێکی گرنگی توێژینەوە و زیاتر وردبونەوە لەو بابەتە دادەنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی توانای کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و گەشەی کۆمەڵگاکان لە داهاتودا. خوێندکارانی زانکۆ، بە هۆی تایبەتمەندیی قۆناغی تەمەن و بەشدارییان لە دەستپێکی قۆناغی ئاکادیمی، بە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرکەوتن بە بیرۆکەی سیاسیی جۆراوجۆر تایبەتمەندن، بەڵام زۆرجار بەشداریکردنیان لە چالاکییە سیاسییە فەرمییەکان، وەک دەنگدان و ئەندامێتیی حزب، کەمترە لەوەی چاوەڕوان دەکرێت. ئەم پارادۆکسەش پرسیاری گرنگ لەبارەی ئەو هۆکارانە دەوروژێنێت کە پاڵنەر یان ڕێگرن لە بەردەم بەشداریکردنی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆ وەک توێژی گەنج.

خوێندکارانی زانکۆ سەرەڕای ڕۆڵی گرنگیان لە داڕشتنی پلانە سیاسییەکانی داهاتو، ڕووبەڕوی ئاڵنگاریی جۆراوجۆر دەبنەوە، کە ڕێگری لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن. ئەم ئاڵنگارییە فرەلایەنانە، دەکرێت لە میانی چەند ڕەهەندێک پۆلێن بکرێن، وەک: بەربەستە دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و دەرونییەکان. هەر بۆیە تێگەیشتن لەم ئاڵنگارییانە پێویستی بە توێژینەوە و شرۆڤەی ورد هەیە، بۆ تێگەیشتن لە سروشت و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی خوێندکاران. هەر بۆیە بەبێ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییانە، مەترسی ئەوە هەیە کە گەنجان زیاتر لە کایەی سیاسی دوربکەونەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی بۆشایی لە پرۆسەی دیموکراسی لە لای نەوەکانی داهاتودا. توێژەران بە هەستکردن بە گرنگیی ئەم بابەتە، توێژینەوەیەکیان سەبارەت بەو ئاڵنگارییانە ئەنجامدا، کە لە میانی بەشداریی سیاسی ڕووبەڕوی خوێندکارانی زانکۆ دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی **کێشەی توێژینەوەکە** ئەم پرسیارانە لەخۆ دەگرێت. ئەو ئاڵنگارییانە چین کە لە بواری بەشداریی سیاسی ڕووبەڕوی خوێندکارانی بەشداربوی نمونەی توێژینەوەکە دەبێتەوە؟

ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕوی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە دەبنەوە، لە چ ئاستێکدان؟ ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکو (ڕەگەز، ئاستی ئابوری و لایەنگریی حزبی) کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەیە یاخود نا؟

**ئەم توێژینەوەیە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگە .**

یەکەم: دەربارەی بابەتێکی هەنوکەییە کە بەشداریی سیاسیی گەنجانە، گرنگیدانە بە گروپێک، کە زۆرجار لە پرۆسە سیاسییەکاندا کەم نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەویش خوێندکارانی زانکۆیە.

دووەم: بە دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی بەردەم بەشداریکردنی سیاسی، توێژینەوەکە دەتوانێت داڕێژەرانی سیاسەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەو ئاڵنگارییانە ئاگاداربکاتەوە، ئامانج لەمەش زیادکردنی بەشداریکردنی گەنجانە لە سیاسەتدا .

هەروەها ئەنجامەکان کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی نزیکبونەوەی زانکۆکان لە پەروەردەی سیاسی و بەشداریکردنی خوێندکاران دەبێت، بۆ پەروەردەکردنی توێژی خوێندکارانی چالاکتر و کاریگەرتر لە ڕوی سیاسییەوە .

هاوکات ئەو داتاو زانیارییانە دەخاتەڕو، کە لە واقعی کۆمەڵگەی لێتوێژراوان دەستکەوتون، بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاستیی ئەو بابەتەی توێژەران هەڵوەستەیان لەسەرکردووە دەخاتەڕوو. هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە دەخاتەڕو، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەی تر لە ناوەندە ئاکادیمییەکانی دیکە ئەنجام بدرێت و دواتر بەراوردی ئەنجامەکان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پلاندانان، پارت و لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی بۆ بەشەکانی پەیوەست بە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆکان، گرنگە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بواری کۆمەڵناسیی سیاسی دەوڵەمەندتر دەکات. نەک هەر تێگەیشتنی تیۆریمان لە بەشداریی سیاسی بەرزدەکاتەوە،؛بەڵکو تیشکدەخاتە سەر ئەو بوارانەی کە گۆڕانکارییە دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بەشدارییەکی دادپەروەرانەتر و چالاکتر لە بواری بەشداریی سیاسی بەرەوپێش ببەن. هەروەها ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینێکی کرداری بۆ داڕێژەرانی سیاسەت، پەروەردەکاران و ڕێکخراوەکانی خوێندکاران دابیندەکات. بە چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە دەستنیشانکراون، زانکۆکان دەتوانن ژینگەیەکی گشتگیرتر و پشتیوانیتر بۆ بەشداریکردنی سیاسی فراهەم بکەن، بەمەش بەشداری لە پەرەپێدانی چالاکیی سیاسی لای هاووڵاتییان و بە تایبەتی توێژی گەنج بکەن.

**هەر بۆیە ئامانج لەم توێژینەوە**

__خستنەڕوی ئەو ئاڵنگارییانەیە ڕووبەڕوی بەشداریی سیاسی خوێندکارانی زانکۆ دەبێتەوە.

__دەرخستنی ئاستی گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەشداریی سیاسییە، لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە.

__دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، لایەنگریی حزبی و ئاستی ئابوری)یە، لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە.

## ٢. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### ٢-١ خستنەرووی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: بەشداریی سیاسی (Political Participation):** چەمکی بەشداریی سیاسی زاراوەیەکی ئاوێتەیە و لە هەردو وشەی بەشداریکردن و سیاسەت پێکهاتووە. هەرچی وشەی (بەشداری)ە لە زمانی کوردیدا، هاوتای وشەی (المشاركة)ی عەرەبی و (Participation)ی ئینگلیزییە، کە ئاماژەیە بۆ بەشی کەسێک لە شتێکدا. لە لایەکی تر ئاماژەیە بۆ هاوکاریکردنی کەسانی دیکە لە کارێکدا (واتە ئاماژەیە بۆ کارێکی بەکۆمەڵ)، هەروەها ئاماژەشە بۆ دەستپێشخەریی ئەنجامدانی کارێک بەشێوەیەکی خۆبەخشانە و بێ هیچ زۆرلێکردنێک. کاتێک وشەی (سیاسی) دەچێتە پاڵ وشەی (بەشداریکردن)، ئاماژەیە بۆ دەستپێشخەرییەکی خۆبەخشانە و هاوکاریکردنی ئەوانی دیکە لە هەر کاروبارێکی سیاسیدا. ئەرستۆ لە(کتێبی سیاسەتدا)وا پێناسەی چەمکی بەشداریی سیاسی دەکات کە هەمو دەوڵەتێک جۆرێک لە بەشداریی هەیە، ئامانجی هەمو بەشدارییەکیش چاکە و خێری گشتییە، واتە چاکە ئامانجی هەمو بەشدارییەکانە، لەبەر ئەوە باڵاترین چاکە ئەو چاکەیەیە، کە لەسەر بنەمای لەخۆگرتنی بەشداریی هەموان دێتەئاراوە (الطيب،2007: 86-88).

بەڵام لای زانا سیاسییەکان، ئەم دەستنیشانکردنە زمانەوانییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی بەشداریی سیاسی بەس نییە، بۆیە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، بە بڕوای زانای ئەمریکی بواری زانستە سیاسیەکان)گابریل ئەلمۆند Gabriel Abraham (Almond, 1911-2002بەشداریی سیاسی ئاماژەیە بۆ بەشداریکردنی ژمارەیەکی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

زۆری هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، هاوڕا لەگەڵ ئەم پێناسەیە) لۆسیان پای (Lucian W. Pye, 1921-2008)باوەڕی وایە کە بەشداریی سیاسی بریتییە لە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری تاکەکەس و گروپەکان لە ژیانی سیاسیدا(رسول،٢٠١١:٩). (

هەروەها لە لای) فلیپ برۆود ( Philippe Braud کۆمەڵناسی ناسراوی فەرەنسی بەشداریی سیاسی بریتییە لە سەرجەم ئەو چالاکییە دەستەجەمعییانەی کە هاووڵاتیان ئەنجامی دەدەن و دەشێ بەم چالاکییانەش کاریگەرییەکیان هەبێت لەسەر بەڕێوەچونی کاروبارەکانی سیستەمی سیاسی. هەر نزیک لەو بۆچونە، عبدالهادی الجواهریە دەڵێت: بەشداریی سیاسی گشت ئەو چالاکییە سیاسیانەیە کە لە ڕێگەیانەوە هاووڵاتیان فەرمانڕەوا و نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن، هەروەها لە ڕێگەی ئەو چالاکیانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دارشتنی بڕیار و سیاسەتە گشتییەکاندا بەشداردەبن. هەروەها هەریەک لە سامۆئیل هنتگتۆن و جۆن نیلسۆن باوەڕیان وایە کە بەشداریی سیاسی ئەو چالاکییەیە کە هاووڵاتیانی ئاسایی ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی کارکردنە سەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە حکومییەکان و جێبەجێکردنیان، جا ئەم چالاکییە تاکەکەسی بێت یان دەستەجەمعی، ڕێکخراوبێت یان هەڕەمەکی، بەردەوام بێت یان پچڕپچڕ، ئاشتیانە بێت یان توندوتیژ، ڕەوابێت یان ناڕەوا، کارابێت یان ناکارا(رسول،٢٠١١:١١) .

بەشداریی سیاسی لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە بەشداریکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە چالاکییەکانی پەیوەست بە سیاسەتەوە، لەوانە دەنگدان، دەربڕینی بیروڕای سیاسی، بەشداریکردن لە کۆبونەوە یان بۆنە سیاسییەکان، بەشداریکردن لە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە سیاسییەکان، بەشداریکردن لە کەمپینەکان یان ڕێکخراوەکان، چ بە شێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی، لە چوارچێوەی ژینگە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا.

**دووەم: چەمکی گەنج (Youth):**

ئەم چەمکە پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی نییە، چونکە تێڕوانینی هەریەک لە زانایانی بوارەکانی بایۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا بۆ پێناسەکردنی جیاوازە، زۆرینەی توێژەران لەسەر ژمارەیەکی جێگیر بۆ تەمەنی گەنج کۆک نین، هەندێک توێژەر پێیانوایە (١٧-٢٧)ساڵی قۆناغی گەنجییە، بەڵام هەندێک لە توێژەران ١٥ ساڵی بە دەستپێکی قۆناغی گەنجی دادەنێن و ٣٠ ساڵی بە کۆتاییەکەی، هەندێکی تریش ١٦-٣٠ ساڵی دەستنیشان دەکەن (عبدلله، ٢٠٢٢: ٩). هەندێکی تریش پێیانوایە ئەم قۆناغە لەماوەی پێش باڵغبونەوە دەستپێدەکات و بە گەنجیەتی یان ماوەی دووەمی گەنجیەتی کۆتایی دێت. لەسەرەتای هەفتاکاندا زانایانی کۆمەڵناسی تەمەنی گەنجێتیان لە توێژێکی تەمەنیدا داناوە کە دەکەوێتە نێوان ١٥ تاوەکو ٢٥ ساڵی(صالح، ٢٠١٠: ١٢).

تەمەنی گەنجی بۆ چەند قۆناغێک پۆلێن دەکرێت، هەریەک لەم قۆناغانە خاوەنی تایبەتمەندیی جەستەیی و دەرونیی خۆیانن:

یەکەم: قۆناغی ١٣-١٨ ساڵی: قۆناغی پێگەیشتنی دەزگای سێکسیە و سەرەتای گەنجییە.

دووەم: قۆناغی ١٨-٢١ ساڵی: قۆناغی پاش پێگەیشتنی هۆرمۆنی و پێگەیشتنی گەنجییە.

سێیەم: قۆناغی ٢١-٢٥ ساڵی: قۆناغی پێگەیشتنی گەنجە لە ڕوی دەرونی و ژیرییەوە(شێفەرس، ٢٠٠٨: ٢١). هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە گەنج دەڵێن: گەنج ئەو کەسەیە، کە تەمەنی لە نێوان (15- 24) ساڵیدایە. لە کاتێکدا ئەنجومەنی ئاسایشی گەنجان دەڵێت: گەنج ئەو گروپە تەمەنیە، کە تەمەنیان لە نێوان (18- 29) ساڵیدایە .(Mahmood and Anwar, 2024: 60)

لە تێڕوانینی کۆمەڵناسیدا گەنجێتی قۆناغێکی تەمەنە کە دەکەوێتە ژێرکاریگەریی گەشەی ئەندامی و بایۆلۆجی لە لایەک و کلتور و فێربون لە لایەکی ترەوە، گەنجی لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە کۆمەڵگە ئامادەی دەکات و ڕۆڵ و پێگەی پێدەدات(عەزیز، ٢٠٢٢: ١٢) .

سەرکەوت عەبدولقادر عەزیز (٢٠٢٢) لە میانی خستنەڕوی چەند تایبەتمەندییەک ئەوە دەخاتەڕو کە گەنج کێیە، بریتین لەمانە :

1. گەنج ئەو توێژەی کۆمەڵگەیە، کە لە لایەنی بایۆلۆجی، کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و توێژێکی گرنگی گشت کۆمەڵگەیەکن.
2. سەرمایەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەن و هێزی گۆڕانکاری و پێشکەوتن و هیوان بۆ ئاینده.
3. هێزی بەرهەمهێنانی ئەرێنی و کاریگەرن و بزوێنەری گۆڕانکاری و گەشەپێدان و پێشکەوتنن.
4. بەرەنگار و ڕەخنەگر و نوێخوازە و دنیابینییان بۆ ژیان هەیە، ئەمەش بە کلتوری گەنج دەناسرێت.
5. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، گەنج جێپەنجەی لە بوارەکانی زانست و ئەدەب و کلتور و سیاسەتدا دیارە، لە گشت شۆڕش و بزوتنەوەکاندا گەنج بزوێنەری شۆڕش و گۆڕانکاری و پێشکەوتن بون، بۆیە شاعیرەکان بە پێداهەڵدان و جوانیناسی و ئازایەتی وەسفیان کردوون(عەزیز، ٢٠٢٢: ١٢).

پێناسەی چەمی گەنج لەم توێژینەوەیە؛ ئەو گەنجانە لەخۆدەگرێت، کە لە قۆناغی تەمەنی ١٨ تا ٢٥ ساڵدان و لە قۆناغی بەکالۆریۆس لە زانکۆ دەخوێنن.

### ٢-٢ ئەدەبیاتی تیۆری سەبارەت بە بەشداریی سیاسی

چەمکی بەشداریی سیاسی، جەخت لە سەر ئەو جۆر و ڕێکارانە دەکاتەوە کە هاووڵاتیان دەیگرنەبەر، لە دەنگدان و بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا پەیوەندیکردن بە بەرپرسانی گشتی، کارکردن لە پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی، خۆپیشاندان یا بون بە بەشێک لە پرۆسەکانی ڕاوێژکاری نوێنەرایەتیکردن. ئەم جۆرانە لە بەشداریکردن چەندین شێوازی کاریگەرییان هەیە، کە بە پێی توێژ و گروپەکانی هاووڵاتیان جیاوازن .(Parts and Meunier,2021; 5)بەشداریی سیاسی بەسیستەمە دیموکراسییەکانەوە بەندە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی لە بنەڕەتدا بیر و فەلسەفەی دیموکراسی وا دەڕوانێتە بەشداریی تاک لە چالاکییە سیاسییەکاندا، کە خۆی لە خۆیدا بەهایەکی سەربەخۆ و ئەرکێکی مەدەنی و ڕێگایەکی گونجاوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی و ڕێگەیەکی کاراشە بۆ چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی (فەرەج،2009: 40).

بەشداریکردنی سیاسی بنەمای دارشتنی سیستەمی دیموکراتییە، تەنانەت گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی دیموکراتی، بە ڕەخساندنی هەلی بەشداریی سیاسی بۆ چینەکانی کۆمەڵگەوە پەیوستە؛ گشت کەسێك مافی بەشداری سیاسی هەیە، هەروەها ئامانجی بەشداریکردنی سیاسی، هێنانەکایەی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزە کە بە هەمان شێوە هاوکار دەبێت لە پاڵپشتی پراکتیزەکردنی پرۆسەی دیموکراتی لەپێناو بەرز کردنەوە و بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیە، بۆ ئەوەی ببێت بە کارێکی ڕۆژانە .(Nachmais,1974: 490)

گرنگترین تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە بەشداریی سیاسی بریتین لە (تیۆریی ڕێکخستنی سەرچاوەکان، تیۆریی پێکهاتەی دەرفەتی سیاسی و تیۆریی خۆبەخشی مەدەنی) ئەو

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

تیۆرەی کە زیاتر بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیدارە، تیۆری (دەرفەتی سیاسی)یە. تیۆری پێکهاتەی دەرفەتی سیاسی(POS) ، زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیی سیاسی و تیۆری بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، کە چۆن ژینگەی سیاسی کاریگەری لەسەر سەرهەڵدان و ستراتیژی و دەرئەنجامەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریی سیاسی هەیە. سەرنج دەخاتە سەر هۆکارە دەرەکییەکان و بارودۆخە گرنگەکان، کە یان کردەوەی بەکۆمەڵ چالاک دەکەن، یان سنوردار دەکەن. پێکهاتەی دەرفەتی سیاسی، بە تایبەتی بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی کۆکردنەوەی سیاسی، لە سەرانسەری سیستەم و قۆناغە کاتییە جیاوازەکاندا بەنرخە. توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی دەرفەتی سیاسی:

**1 .کرانەوە یان داخستنی سیستەمی سیاسی:** سیستەمەکان کە کەناڵی کراوەیان بۆ بەشداریکردن هەیە، وەک دامەزراوە دیموکراتییەکان و پرۆسەی شەفاف، دەرفەتی زیاتر بۆ کردەوەی بەکۆمەڵ دەڕەخسێنن. لە بەرانبەردا، ڕژێم یا دامەزراوە تاکڕەوەکان کە سیاسەتی سنوردارکەریان هەیە، بەربەست لەبەردەم چالاکی و بەشداریی تاکەکان دروستدەکەن.(Eisinger, 1973: 11)

**2 .سەقامگیری یان پارچەپارچەبونی ڕێکخستنە سیاسییەکان:** دابەشبون لەناو نوخبە دەسەڵاتدارەکان یان پارتە سیاسییەکان، دەتوانن دەرفەت بۆ ڕکابەرەکان دروست بکەن، بە لاوازکردنی یەکگرتویی گروپی دەسەڵاتدار و کردنەوەی فەزای دەنگە جێگرەوەکان .(Tarrow,1998: 79)

**3 .سەرکوتکردن یان ئاسانکاری لەلایەن دەسەڵاتداران:** وەڵامی دەوڵەت بۆ کردەوەی بەکۆمەڵ- لە لێبوردەیی و پشتیوانییەوە تا سەرکوتکردن- کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆکردنەوە هەیە. سەرکوتی توند دەتوانێت بزوتنەوەکان سەرکوت بکات، لە کاتێکدا ئاسانکاری هاندەری بەشداریکردنە .(Tilly,1978: 53)

**4 .گۆڕانکاریی مێژوویی و کۆنتێکست:** گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیدا، وەک گواستنەوەی سەرکردایەتی، قەیرانی ئابوری، یان گۆڕانکاری لە سیاسەتی گشتیدا، دەتوانێت دەرفەتەکانی بەردەست بۆ کردەوەی بەکۆمەڵ بگۆڕێت :(Kriesi, 1995 167).

سەبارەت بە بەشداریی سیاسی لە نێو ناوەندە ئاکادیمییەکان و لە لای خوێندکارانی زانکۆ، ئەم تیۆرە یارمەتیی ڕونکردنەوەی گۆڕانکارییەکان و چالاکییەکان دەدات، بۆ نمونە سەندیکای خوێندکاران و ڕێکخستنەکان لەگەڵ فاکەڵتی یان گروپە سیاسییەکان، کە هەلومەرجی لەبار بۆ بەشداریکردن دروست دەکەن، لە کاتێکدا سیاسەتە سنوردارەکان، ڕێگا لە ئەو جۆرە چالاکییانە دەگرێت و بەربەستیان بۆ دروست دەکات .

## ٢-٣ فۆرمەکانی بەشداریی سیاسی

دەتوانین گرنگترین فۆرمەکانی بەشداریی سیاسی بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

یەکەم: شێوازە تەقلیدییەکان: ئەمەش بۆ دوجۆر دابەشدەکرێت:

أ- شێوازە تەقلیدییە ڕاستەوخۆکان: ئەو شێوازانەن کە تیایدا هاووڵاتیان، لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەرنامەکانی حکومەت و تەنانەت لە خودی حکومەتیشدا، ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ دەبینن. ئەو شێوازانەش بریتین لە (هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە سیاسی و کارگێرییەباڵاکان و گرتنەدەستی ئەو پۆستانەش).

ب- شێوازە تەقلیدییە ناڕاستەوخۆکان: ئەو شێوازانەن کە تیایدا هاووڵاتیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە حکومییەکان و جێبەجێکردنیان، ڕۆڵیان دەبێت. ئەو شێوازانەش بریتین لە: چالاکییەکانی ڕادەربڕین، دروستکردنی سەندیکا، پارتی سیاسی، ڕێکخراوە ناحکومی و دامەزراوە مەدەنی و پیشەییەکان و ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە، مانگرتن و کۆبونەوە گشتییەکان(رسول، ٢٠١١:٢٦).

دووەم: شێوازە ناتەقلیدیەکان: ئەمەش بۆ دوجۆر دابەشدەکرێت:

أ- شێوازە ناتەقلیدیە یاساییەکان: وەک سکاڵاکردن دژی بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەت.

ب- شێوازە ناتەقلیدیە نایاساییەکان: هەمیشە جۆرێک لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە خۆدەگرن و زۆربەی کاتیش بەهۆی نەبونی یان بەهۆی ناکاریگەریی شێوازە تەقلیدی و ناتەقلیدییە یاساییەکانەوە، هاووڵاتیان پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن. ئەم شێوازانەش بریتین لە: تیرۆر، تۆقاندن، ڕفاندن، کوشتن، تاڵانکردن، پەکخستنی موڵکی گشتی، ڕاپەڕین، جەنگی ناوخۆیی و شۆڕش(رسول، ٢٠١١:٢٦) .

## ٢-٤ ئاستەکانی بەشداریی سیاسی

ئاستەکانی بەشداریی سیاسی، بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت. پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لیستەر میلبرەث لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی بەشداریی سیاسی، ڕیزبەندییەکی هەرەمی لەبارەی ئاستەکانی بەشداریی سیاسی دەخاتەڕو، لە بەشدارینەکردنەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە وەرگرتنی پۆستێکی گشتی، کەمترین ئاستی بەشداریکردنیش بریتییە لە دەنگدان لە هەڵبژاردندا(میسوم، ٢٠٢٢: ٨٩). هەروەها میشیل ڕاش (Michel Ruch) و فیلیپ ئەلتۆف (Philipp Althoff)پێشنیازێکیان پێشکەشکرد، کە ئاستەکانی بەشداریی سیاسی بە گشتی دەگرێتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیش گونجاوە. گرنگییەکەی لە گشتگیرییەکەی و ئەگەری بەکارهێنانیدایە بۆ فۆرماتە جیاوازەکانی سیاسەت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت باس لە ئاستەکانی بەشداریی سیاسی لە ژیانی گشتیدا بکەین، ئەوا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لە هەمان وڵاتدا، جیاوازن. ئەمەش بە بونی ئەو مەرجانەوە بەندە، کە ڕێگە بە بەشداریکردن لەسەر ڕادەی خواستی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە کاری گشتیدا دەدات. بەگشتی چوار ئاستی بەشداریی سیاسی هەیە:

یەکەم: ئاستی باڵا: ئەوانەن کە چالاکیی سیاسی پراکتیزە دەکەن. ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە شەش مەرج، سێ مەرجیان تێدایە: ئەندامێتی لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا، بەخشین بە ڕێکخراوێک یان کاندیدێک، بەشداریکردن لە کۆبونەوە سیاسییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، بەشداریکردن لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا، ناردنی پەیام لەسەر پرسە سیاسییەکان بۆ پەرلەمان و کەسایەتییەکان، یان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، قسەکردن لەسەر سیاسەت لەگەڵ کەسانی دەرەوەی بازنەی تەسکی حزبایەتی.

ئاستی دووەم: ئەو کەسانەی ئارەزوی چالاکیی سیاسی دەکەن: ئەم ئاستە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە هەڵبژاردندا دەنگدەدەن و بە گشتی پەیڕەوی لەو شتانە دەکەن کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی دەگوزەرێت.

ئاستی سێیەم: پەراوێزی لە کاری سیاسیدا: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئارەزوی کاری سیاسییان نییە، مەیلیان بۆ کاری سیاسی نییە، هەروەها هیچ کاتێک و سەرچاوەیەکی بۆ تەرخان ناکەن، هەرچەندە هەندێکیان ناچارن تا ڕادەیەک بەشداری بکەن بەتایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا، یان کاتێک هەستدەکەن بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانیان لە مەترسیدایە.

ئاستی چوارەم: توندڕەوی سیاسی: ئەوانەن کە لە دەرەوەی چوارچێوە یاساییەکان کار دەکەن و پەنا بۆ شێوازی توندوتیژی دەبەن(میسوم، ٢٠٢٢: ٩١).

هەروەها ڕاوێژکاری ئەمریکی شێری ئارنشتاین ساڵی ١٩٦٩ هەشت ئاستی بەشداریی هاووڵاتیانی جیاکردەوە، زانایانی کۆمەڵایەتی و سیاسی تا ئێستاش "پێوەرەکانی بەشداریکردنی ئارنشتاین" بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی ئاگادارکردنەوەی حکومەتەکان بۆ هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی توانای بەشداریکردنیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا بەکاردەهێنن.

خشتەی(١)

ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان بە پێوەرەکانی ئارنشتاین ڕوندەکاتەوە

| | |
|---|---|
| کۆنترۆڵی هاووڵاتی: لە ڕێگەی ئیدارەیەکەوە کە لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی پێکهاتووە. | دەسەڵاتی کاریگەرانەی هاووڵاتیان |
| ڕادەستکردنی دەسەڵات: دەسەڵاتی ناوەندی، دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردنی بەرنامەکان دەداتە کۆمەڵگەی ناوخۆیی. | |
| هاوبەشی: بڕیارەکان لە ڕێگەی دانوستاندن لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و هاووڵاتیاندا دەدرێت. | |
| ئاشتەوایی: بەشێک لە دانیشتوانیش لە ناوەندەکانی بڕیاردان وەرگیراون و دەتوانن کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان هەبێت. | هاوکاری ڕەمزی |
| ڕاوێژکاری: ڕاپرسی یان کۆبونەوە گشتییەکان، ڕێگە بە دانیشتوان دەدەن بۆچونەکانیان لەسەر گۆڕانکارییە پلانبۆداڕێژراوەکان دەربڕن. | |
| زانیاری: هاووڵاتیان زانیاریی ڕاستەقینە لەسەر پرۆژەکانی ئێستا وەردەگرن، بەڵام ناتوانن بۆچونی خۆیان بدەن. | |
| چارەسەر: یارمەتیدەرە بۆ ئەو کێشانەی کە ڕوبەڕوی دانیشتوان دەبنەوە، بەبێ ئەوەی چارەسەری پرسە ڕاستەقینەکان بکرێت. | هاوبەشینەکردن |
| دەستکاریکردن: زانیاریی لایەنگری کە بۆ "ڕۆشنبیرکردن"ی هاووڵاتیان بەکاردەهێنرێت، بە پێدانی ئەو وەهمەی کە بەشداریی پرۆسەکە دەکەن. | |

سەرچاوە: (Arnstein, 1969: 217)

ئیبراهیم ئەبراش نوسەر و ئەکادیمیستی فەلەستینی ئاستەکانی بەشداریی سیاسی بۆ سێ ئاست پۆلێن دەکات:

**یەکەم: بەشداریی ڕێکخراو:** لە چوارچێوەی دامودەزگا یان ڕێکخراوە هەنوکەییەکان، کە پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و سیستەمی سیاسی پێکدەهێنن، لەڕێگەی ئەو دەزگایانەی ئەرکی کۆکردنەوە و تێکەڵکردنی داواکاریی تاکەکەسیی دەربڕدراو و گۆڕینی بۆ هەڵبژاردنی سیاسیی گشتی لە چوارچێوەی بەرنامە تایبەتەکانی ئەنجامدراودا ئەنجام دەدەن، لەلایەن پارتە سیاسییەکان، سەندیکاکان، فیدراسیۆنە پیشەییەکان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانەوە دەرچوون.

**دووەم: بەشداریی سەربەخۆ:** لە لایەن هاووڵاتییەوە ئەنجام دەدرێت، بەجۆرێک کە ئازادیی ڕەهای بۆ دیاریکردنی جۆر و پلەی بەشداریکردنی و بڕاردەی بەشداریکردن یان بەشدارینەکردنی هەبێت.

**سێیەم: بەشداریی هەڵومەرجی:** لە بۆنەیەکدا ڕوودەدات، ئەو ئەندامانەی جەماوەر دەگرێتەوە کە چالاکی یان پەیوەندیی سیاسییان نییە، واتە خەڵکی گشتی دەرکەوتەکانی لە دەنگدان لە هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمدا دیارە(مجال، ٢٠٠٧:٢٤٤).

## ٣. گەنجان و گرنگییان لە پرۆسەی سیاسیدا

### ٣-١ گرنگیی بەشداریی سیاسی خوێندکارانی زانکۆ وەک توێژی گەنج

توێژینەوەکان دەریدەخەن، گەنجان لە ١٣ ساڵییەوە، چ لە ئاستێکی سنوردار یا بەربڵاودا هۆگری کاروباری سیاسی دەبن، لێکۆڵینەوەکانی هۆریلمەن نیشانیدا کە لەم سەردەمەدا خوێندکاران لە بەرانبەر قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەستیارن و تێوەدەگلێن(شێفەرس، ٢٠٠٨: ٢٠٧). ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان توێژێکی زیندو و چالاکی کۆمەڵگەن و بە ڕوداوەکان کاریگەرن، هەندێکجاریش لەلایەن کەسانی دیکە بەکاردەهێنرێن بە هۆی کەمئەزموونییان لەکاروباری سیاسیدا.

گەنجان، لە زۆرینەی وڵاتان، لە تەمەنی ١٨ ساڵی، واتە سەرەتای ژیانی ئاکادیمی، یەکەم ئەزمونی ژیانی سیاسییان دەکەن، بەو هۆیەی کە لەو تەمەنە مافی دەنگدانیان دەبێت. گرنگیی ئەم قۆناغەش لەوەدایە، یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری لە کۆمەڵگادا، ئەمەش لە بەرانبەردا دەبێتە هۆی فراوانبون و قووڵکردنەوەی شەرعیەتی سیستەمە سیاسییەکە. بەشداریی سیاسی مافێکی دیموکراسی بە گەنجان دەبەخشێت، کە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی سیاسیی خۆیان لە کۆمەڵگادا بەڕێوەببەن، جگە لەوەش پشتگیری لە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگاکەی دەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەستی سەربەخۆیی لە کۆمەڵگاکەیدا دەبێت و زیاتر ئاگاداری کێشەکانی دەبێت. بۆیە نەبونی میکانیزمی گونجاو بۆ بەشداریکردنی سیاسی، دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی، بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی بڵاوبونەوە و قووڵبونەوەی دیاردەی توندوتیژی لە کۆمەڵدا(العجمي، ٢٠١٦: ٣١٠).

لەبەر ئەوەی کە بەشداریی سیاسی پرۆسەیەکی فەرمی و خۆبەخشانەیە، ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری ڕێکخراو و ڕەوا و بەردەوامە، گوزارشت لە ئاراستەیەکی عەقڵانی دەکات و لە هۆشیارییەکی قووڵی ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیبونەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵە کاریگەرانەی کە هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا دەیگرنە ئەستۆ. ئەمەش وەک زاراوە، بریتییە لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بە مەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگاکان و چارەسەرکردنی کێشە گشتییەکان و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردندا(العجمي، ٢٠١٦: ٣١١). بۆیە گەنج، وەک بونەوەرێکی چالاک لە کۆمەڵگەدا، گرنگە بەشداریی سیاسیی هەبێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی بەرپرسیارێتییە لە هەڵگرتنی کێشەکانی کۆمەڵ و بەشداربونە لە چارەسەرکردنیان.

یەکێکی تر لە گرنگییەکانی بەشداریی سیاسیی گەنجان، بریتییە لە پەروەردەی سیاسی، کە گەنج بۆ پێگەی سەرکردایەتیی داهاتوی کۆمەڵگە ئامادەدەکات. بەشداریی سیاسی لە بۆشاییەوە دەست پێناکات؛ بەڵکو لە کەڵەکەبونی پەروەردەی سیاسیی هاووڵاتییەوە دەستپێدەکات. لە قۆناغی منداڵییەوە دەستپێدەکات، بە قۆناغی گەنجیدا تێدەپەڕێت بۆ گەیشتن بە قۆناغی پێگەیشتنی سیاسی، لەسەر بنەمای ئەوەی پەروەردەی سیاسی پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە قۆناغێکی دیاریکراودا ناوەستێت، ئامانجی گواستنەوەی

کولتوری سیاسییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، یان هێنانەدیی کولتورێکی بەشەکی یان گۆڕانکاریی تەواو لە پێکهاتەکانی ئەم کولتورەدا(العجمي، ٢٠١٦: ٣١١). هەرچەندە جیاوازی لە نێوان پەروەردەی سیاسی و پەروەردەی حیزبیدا هەیە؛ ئەوەی یەکەم مەرج نییە هەمان ئەوەی دووەم بێت، لەکاتێکدا پەروەردەی حیزبی هەمیشە پەروەردەکردنێکی سیاسیانە دەبێت، ئەگەرچی پەروەردەی سیاسی ئەوکاتە ئاستێکی شیاو و ڕێکوپێکی دەبێت ئەگەر حیزبێک سەرپەرشتی و ئاراستەی بکات، ئەوەش دیسان لەسەر پلە و ئاستی پێشکەوتویی ئەو حیزبە دەوەستێت، کە تا چەند پەروەردەیەکی شیاو بۆ ئەندامانی دەڕەخسێنێت (میران، ٢٠١٠: ٢٩). یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی بەشداریی سیاسیی گەنجان، کارکردنیانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆ دروستکردنی سیاسەتێکی تەندروستانەی دورمەودا لەسەر پرسی گەنجان، نابێت ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان دوربخرێنەوە، بە پێچەوانەوە دەبێت لەڕێگەی بەشدارپێکردنیانەوە ڕابهێنرێن لەسەر ئەوەی کە زیاتر لەبەرژەوەندیی لاوان نزیکببنەوە و کەمتر گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی حیزب بکەن(باخەوان، ٢٠١٥: ١٦٥).

یەکێکی تر لە گرنگترین سودەکانی بەشداریکردنی گەنجان، بریتییە لە دیالۆگی نێوان نەوەکان. بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەتدا، ئاسانکاری بۆ گفتوگۆی نێوان نەوەکان دەکات، بۆ دڵنیابون لەوەی بڕیارە سیاسییەکان سود لە ئەزمون و بیرۆکەی هەردو هاوولاتیی بەتەمەن و گەنجتر وەردەگرن. پانتاییی سیاسی، پانتاییەکە زۆرینەی ئاستەکانی تەمەن تێیدا بەشدارن و ڕۆڵیان هەیە. لەڕێگەی بەشداریی سیاسییەوە نەوەکان باشتر لەیەکتر حاڵی دەبن، لەڕێگەی گفتوگۆوە پەرە بە خاڵە هاوبەشەکان دەدەن و زەمینەیەکیش بۆ کارکردن لەسەر خاڵە ناکۆکەکان دروستدەکەن، کە لەسەر بنەمای تێڕوانین بۆ کردە سیاسییەکان لەلایەن نەوەکانەوە دروستدەبێت.

هەرچی پەیوەستە بە بەشداریکردنی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی زانکۆدا، وەک یەکێک لە گرنگترین چالاکییەکان و بەشداریکردن سەیر دەکرێت، کە خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامی دەدەن. بۆیە زانکۆکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەرەوپێشبردنی بەشداریی سیاسی هەیە؛ لە ڕێگەی داڕشتنی ئەو بەرنامانەی کە هانی خوێندکاران دەدەن بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی زانکۆدا، بە ئامانجی ئەرێنی و گۆڕانکاری، بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆ، جگە لەوەی ئازادیی تەواو بە خوێندکاران دەدات بۆ دەربڕینی بۆچونەکانیان و هاوبەشکردنی بیرۆکەکانیان. هەروەها زانکۆکان بەشدارن لە شیاندنی خوێندکاران بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی بەشداریکردنی سیاسی لە دەرەوەی چوارچێوەی زانکۆ بە شێوەیەکی ئاشتیانە و ئەرێنی و بەکارهێنانی توانا مەعریفییەکانیان لە بەشداریی سیاسیدا لەسەر بنەمای یاساکانی ئەخلاق و هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی، کە زۆرجار کاریگەریی ئەرێنییان هەیە و ئەمەش لە کاتی بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکانی وەک نارەزایەتی، خۆپیشاندان، و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر و گۆڕینی واقیع لە بەرژەوەندیی گشتی و لە ماوەی درێژخایەندا دەردەکەوێت (العجمي، ٢٠١٦: ٣١٢).

بۆیە بەشداریی سیاسی، یەکێکە لە فۆرم و تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی دیموکراسی بۆ هەر سیستەمێکی سیاسی، کە ئەندامەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا بەشدارن. ئامانجی ئەندامەکانی، لە ڕێگەی ئەم بەشدارییەوە، بریتین لە بەهێزکردن، پەرەپێدان، یان گۆڕینی بەهاکان، بنەماکان و ڕەوتەکانی زاڵ بەسەریدا، تا ئەو ڕادەیەی کە گەشەپێدانی هەمەلایەنە و بەردەوام بۆیان بەدەستدەهێنێت. بەشداری گوزارشت لە بەشداریی هاوولاتیان دەکات لە بیرکردنەوە و دەربڕین و کارکردن بۆ کۆمەڵگا، بە یەکێک لە پێکهاتەکانی کولتور دادەنرێت، چونکە شێوازێکی ژیانە. دەگوترێت ئەوەی دنیا لە سەردەمی ئێستاماندا پێویستی پێیە، وەک چۆن جەوهەری بەشداریکردن ئاماژەیە بۆ سنوری کاریگەریی هاوولاتیان لە پرۆسەی بڕیارداندا، بەڵام بەشداریکردن سنوردار نییە بە سنوری کاریگەرییەوە، بەڵکو لەوە زیاتریش درێژدەبێتەوە بۆ چۆنیەتیی بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکان یان ناسیاسییەکاندا.

## ٢-٣ ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسیی گەنجان

بەشداری گەنجان لە کایەی سیاسیدا بێ کێشە و گرفتی جۆراوجۆر نییە، بەگوێرەی کۆمەڵگەکان و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری، گیروگرفتەکانیش دەگۆڕێن. دەتوانین ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسی، بەشێوەیەکی گشتی، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕونبکەینەوە:

١. پەروەردەی سیاسیی نەرێنی، کەسەکە پێی باشترە لەکاری سیاسی دوربکەوێتەوە، یان ڕاشکاوانە بۆچونی خۆی دەرببڕێت، بەم شێوەیەش مرۆڤ لە مومارەسەکردنی مافە سیاسییەکەی خۆی دوردەکەوێتەوە(شعبان، ٢٠١٣: ٩). ئەم پرسە زیاتر بە پرسی پەروەردەی سیاسی و ئەو کولتورە سیاسییەوە پەیوەستە، کە ئەم پەروەردەکردنە لێیەوە سەرچاوەدەگرێت. پرۆسەی ئامادەکردنی هاوولاتییە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگاکەیدا. بەم پێیە پەروەردەی سیاسی و کولتوری سیاسی، لە تێگەیشتنی هاوولاتی لە مافە سیاسییەکانی و مافی بەشداریکردنی لە بڕیاردانی سیاسیدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن، چونکە پەروەردەکردن، لە ڕوی تیۆرییەوە هاوولاتی سیاسی دروستدەکات و بەشداریکردن، لە پراکتیکدا پشتڕاستی دەکاتەوە(العجمي، ٢٠٢٣: ١٥٤).

٢. ترس لە سیاسەت و دەسەڵات، ئەمەش بۆ ئەو ڕوداوانە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ تێیدا ژیاوە و لەو ماوەیەدا توشی زیان بووە، وەک لێدان یان زیندانیکردن.

٣. هەستکردن بە بێهودەیی بەشداریی سیاسی، ئەمەش لە ئەنجامی بونی دیموکراسی شکلی و هەڵبژاردنی نادادپەروەرانە دێتە ئاراوە. بەم شێوەیە هاوولاتی دەزانێت کە دەنگەکەی کاریگەریی لەسەر ئەنجامی دەنگدانەکە نابێت.

٤. نەزانی و نەخوێندەواریی سیاسی، بەجۆرێک کە هاوولاتی ناتوانێت جیاوازی لە نێوان لایەنەکان و هێزە سیاسییە ناکۆکەکاندا بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی نەبونی بەشداریی سیاسی.

٥. ناڕازیبون لە سیستەمی سیاسی: تاک وابیردەکاتەوە بەشداریکردن لەم سیستەمەدا دەبێتە هۆی دانپێدانان تێیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دوودڵی لە کاری سیاسی.

٦. لاوازیی نیشتمانپەروەری و نەبونی هەستکردن بە بەرپرسیاریێتی: ئەمەش دەبێتە هۆی دورەپەرێزی لە سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی.

٧. هەستکردن بە دڵنیایی لە سیستمی سیاسی بەتایبەت دوای سەقامگیری، کە لە وڵاتانی دیموکراسیدا ڕوودەدات، بۆیە هەندێکجار کاتێک داوای لێدەکرێت بۆ بەشداری، چالاکییە سیاسییەکانیان دیاری دەکرێت.

٨. بەشێوەیەکی گشتی تێبینی دەکرێت کە گەنجان لە دەنگدان چالاک نین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو کەمترین دەرفەتەیە کە لەبەردەستی گەنجاندایە، بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی هەڵبژاردندا. (شعبان، ٢٠١٣: ٩)

لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخەکە بۆ ڕەگەزی مێ جیاوازترە و بەشداریی سیاسی لەلایەن ئەم ڕەگەزەوە لەمپەری زیاتری لەبەردەمدایە؛ فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان یەکێکن لە لەمپەرە سەرەکییەکان، زۆرجار پیاو، بونی خۆی وەکو پیاو، مێرد، برا، باوک، بەشێوەیەک بەکاردەهێنێت، دەسەڵات و ویست و خواست و مافەکانی ژنان پێشێلدەکات و هەنگاویان بەسەردا دەنێ.(مەجید، ٢٠٠٧: ١٥) لەو حاڵەتەشدا ئەو

ئافرەتە ناتوانێت پیادەی مافەکانی خۆی بکات، کە یەکێکیان بەشداریکردنە لە کایەی سیاسیدا، چونکە بۆ هەر کارێک پێویستە مۆڵەت لە ڕەگەزی بەرانبەر وەربگرێت، هەندێکجار لەبابەتی دەنگدانیشدا کە نزمترین ئاستی بەشداریی سیاسییە، لە لایەن ڕەگەزی بەرانبەرەوە زۆری لێدەکرێت و بۆ دەنگدان بە کەس و لایەنێکی دیاریکراو ئاراستەدەکرێت. ئەم دۆخە زۆرینەی جارەکان بە بارودۆخی ئابوریی سەربەخۆی ژنەوە وابەستەیە، چونکە واباوە زۆرینەی ڕەگەزی مێ، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە کۆمەڵگەی کوردییش بەشێکە تێیدا، کارەکەی مەعنەوییە و لە ناوماڵدایە، کە لە بەرانبەریدا هیچ کرێیەک وەرناگرێت و زیاتر بەکاربەرە لەسەر داهاتی ڕەگەزی بەرانبەر، بۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەکانی و پیادەیان دەکات.

یەکێکی تر لە گرفتەکان بریتیە لە ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لە نێو ژناندا، لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان هەن، کە کاریان بریتییە لە چاککردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ژنان و بەرگریکردن لە مافەکانیان، بەڵام هێشتا لاوازی لە هەماهەنگیی نێوان ڕێکخراوەکانی ژناندا هەیە، بە شێوەیەک کە نەتوانێت هەوڵ و سەرچاوەی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی ژنان چڕتر بکەنەوە.

بەگشتی هەندێک هۆکاری وەکو ئاستی خوێندەواری، تەمەن و ڕەگەز لەو پەیوەندییەدا کاریگەرییان هەیە، هەروەها کچان و ژنانی لاو، بەراورد بە کوڕان و پیاوانی لاو، کەمتر هۆگری کاروباری سیاسین (شێفەرس، ٢٠٠٧: ٢٠٨) هەرئەوەشە وایکردووە لە گشت کۆمەڵگاکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی، ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە کاروباری سیاسیدا کەمترە بەراورد بە پیاوان، هەروەها دەشێت وابەستەیی ئەوان بە هەندێک کاروباری دیکەوە، لەوانە ماڵداری و پێکهاتەی بایۆلۆژی و تەرزی بیرکردنەوەیان، لە هۆکارە ناڕاستەوخۆکان بێت کە کەمتر بەرکەوتەی بەشداریی سیاسییان هەبێت.

## ٤. توێژینەوەکانی پێشتر

### ٤-١ خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشتر

**یەکەم:** توێژینەوەی (ڕابەر، ٢٠٠٦) بە ناونیشانی **(گەنج و بەشداری سیاسی توێژینەوەیەکی مەیدانی لە هەرێمی کوردستان)**، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شرۆڤەکردنی بەشداریی سیاسیی گەنجان بە شێوەیەکی زانستی. بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر سودی لە میتۆدی پەسنیی شیکاری وەرگرتووە، نمونەکەی لە (١٣٠) گەنجی کچ و کوڕی شارەکانی هەولێر، کۆیە، سلێمانی پێکهاتووە، کە بەشێوازی هەڕەمەکی وەرگیراوە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە گەنجان بە شێوەیەکی فراوان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان و ڕیفراندۆم و دەنگدان بۆ دەستوری تازەی عێراقدا کردووە. هەروەها دەرکەوتووە ڕێژەی بەشداریی گەنجان لە خۆپیشاندانەکاندا زۆر کەم و لاوازە، وێڕای ئەوەی ٥٦%ی بەشداربوان باوەڕیان بە توندوتیژی هەبوە لە خۆپیشاندانەکاندا. پەیوەست بە کەناڵەکانی بەشداریی سیاسی، لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە ٤٨% بەشداربوان پێیانوایە کەناڵەکان شەفاف نین و بەسەریاندا داخراون، هاوکات ٤٦% باوەڕیان وایە تاڕادەیەک کراوە و شەفافن.

**دووەم:** توێژینەوەی (محسنی، ٢٠١٧) بە ناونیشانی **(توێژینەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی بەشداریی سیاسی گەنجان)**. مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنەڕوی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەشداریی سیاسی گەنجان هەیە، بە وەرگرتنی نمونەیەکی ٣٨٥ خوێندکاری گەنجی زانکۆی ئازادیی ئیسلامی -لقی ئیلام کە بە تەکنیکی هەڕەمەکی وەرگیراون. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان گۆڕاوی ئایین و بەشداریی سیاسیدا نییە، کە دو گۆڕاوی سەرەکیی توێژینەوەکە بون، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گۆڕاوەکانی بەکارهێنانی مێدیا و بەشداریی سیاسی، گۆڕاوەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسیدا هەیە.

**سێیەم:** توێژینەوەی (بەدەرو، ٢٠٢١) بە ناونیشانی **(هۆشیاریی سیاسی و بەشداریکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە ئەفریقای باشوری دوای ئاپارتاید)**.
نیگەرانی لە بەشداریی سیاسی خوێندکارانی زانکۆ لە ئەفریقای باشوری دوای ئاپارتاید، هەروەها کەمیی توێژینەوەکان لەوبارەیەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەن. سود لە میتۆدی تێکەڵاو وەرگیراوە لەڕێگەی دابەشکردنی پرسیارنامە بەسەر ٣٧٢ خوێندکاری زانکۆ، بە تەکنیکی هەڕەمەکیی چینایەتی، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ پێنج ئەندامی جێبەجێکاری ئەنجومەنی نوێنەری خوێندکاران. بە بەکارهێنانی ئاماری پەسنیی سادە و پەیوەندیی پێرسۆن و شیکاری ناوەڕۆک، شیکردنەوە بۆ چاوپێکەوتنەکان و داتاکان کراوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە ٩٩.٤%ی بەشداربوان ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی سیاسییان هەیە لەڕوی مافی دەنگدان، هەروەها ٩٩.١%ی بەشداربوان پەرلەمان و دەستوری نیشتمانیان بە گرنگ زانیوە، لەکاتێکدا ئاستی بەشداریی سیاسی وەڵامدەرەوەکان پێدەچێت لە خوار تێکڕا بێت، چونکە تەنها (49.2%) دەنگیان داوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەری خوێندکاران لە ساڵی ٢٠١٧، هەروەها تەنها(٣٠،٤٪) یان لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی 2014 دەنگیان داوە. لە توێژینەوەکە دەرکەوتووە هۆشیاریی سیاسیی خوێندکاران پەیوەندییەکی بەرچاوی بە بەشداریکردنیان لە چالاکییە سیاسییەکانی ناو کەمپس و دەرەوەی کەمپەس هەبوە.

**چوارەم:** توێژینەوەی (ئیبراهیم و هاوکارانی، ٢٠٢٣) بە ناونیشانی **(هۆکارەکانی بەشداریی سیاسی لەنێو خوێندکارانی زانکۆ لە مالیزیا)**. مەبەست لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئەو توخمانەیە کە کاریگەرییان لەسەر بەشداریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆ هەیە. ٤١٧ خوێندکاری زانکۆی حکومی بەشدارییان تێداکردووە لە زانکۆکانی کەناری ڕۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی مالیزیا، توێژینەوەکە بە ئاراستەی چەندایەتی، بە میتۆدی پەسنیی شیکاری بە ڕێگای ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و بە شێوازی نمونەوەرگرتنی هەڕەمەکیی چینایەتی زانیاریەکانی کۆکردۆتەوە. بۆ زانینی هەڵسوکەوتی بەشداریی سیاسیی وەڵامدەرەوەکان (خوێندکارانی زانکۆ). لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە فاکتەرەکانی وەکو خێزان، میدیا و دامەزراوەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ویستی خوێندکاران هەیە بۆ چالاکبون لە سیاسەتدا. هەروەها دەرکەوتووە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە واتە، هەڵوێستی خوێندکاران، بەشداریکردنی دایک و باوک، بەرکەوتنی میدیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بەشداریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆ هەیە. گشت ئەم هۆکارانە پێکەوە لەسەدا ٦٨ی هۆکارە کاریگەرەکانی خوێندکارانی زانکۆ بۆ بەشداریکردن لە سیاسەتدا پێکدەهێنن.

### ٤-٢ تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشتر

ئامانج لە خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشتر، سودمەندبونە لە ڕوی تیۆری و میتۆدۆلۆژییەوە، هەروەها بەراوردکردنی دۆزینەوەکانی توێژینەوە هاوشێوەکانە. توێژینەوە بەکارهاتووەکان تیشک دەخەنە سەر هۆکارە جیاوازەکان کە کاریگەرییان لەسەر بەشداریی سیاسیی گەنجان هەیە و لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هاوتەریبە،

بۆ دیاریکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی خوێندکارانی زانکۆ دەبنەوە لە بەشداریکردنی سیاسیدا. توێژینەوەکەی (ڕابەر، ٢٠٠٦)لە هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی نمونەیەکی هەڕەمەکی لە ١٣٠ گەنج، ئاماژەی بە بەربەستی دامەزراوەیی کردووە، هاوشێوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە ئاستەنگە دامەزراوەییەکان دیارترین بون. بە هەمان شێوە، (ئیبراهیم و هاوکارانی،٢٠٢٣) کە توێژینەوەیەکی چەندایەتییان لە مالیزیا لەگەڵ ٤١٧ خوێندکاری زانکۆ ئەنجامدا، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانیان لەسەر بەشداریکردنی سیاسی دەستنیشانکرد، هاوتەرییە لەگەڵ ڕەهەندە کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییەکان کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە. توێژینەوەی (بادۆرۆ، ٢٠٢١) لە باشوری ئەفریقا بۆی دەرکەوت، هۆشیاریی سیاسی لەنێو خوێندکاراندا بەرزە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریکردنی ڕاستەقینەیان کەم بووە، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا کە بەشداریکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە چالاکییە سیاسیەکاندا مامناوەندە. لە کۆتاییدا، توێژینەوەی (موحسنی،٢٠١٧) لە ئێراندا پەیوەندییەکی بەهێزی لە نێوان بەکارهێنانی میدیا و بەشداریکردنی سیاسیدا ئاشکرا کرد، کە لەگەڵ ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی ڕەفتاری سیاسیی خوێندکاران لەم توێژینەوەیەدا هاوشێوەیە. بەکارهێنانی (میتۆدی چەندایەتی و نمونەگرتنی هەڕەمەکی) لەم توێژینەوەیەدا، لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەدا یەکدەگرێتەوە، کە پەیوەندیی هۆکارە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەکان لە تێگەیشتن لە بەشداریی سیاسیدا ڕوندەکاتەوە. سەرەڕای جیاوازییە ناوچەییەکان، دۆزینەوە هاوبەشەکانی توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن لە کاتێکدا هۆشیاری و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکان گرنگن، بەڵام بەربەستە دامەزراوەیی و پەیوەندیدارەکانی دیکە وەک بەربەستێکی بەهێز ماونەتەوە، ڕێگری لە بەشداریکردنی کارای گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ دەکەن.

## ٥- چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### ٥-١ میتۆدی توێژینەوەکە

لەو توێژینەوانەی بە ئاراستەی چەندایەتی ئەنجام دەدرێن، تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕو، بە ئامانجی ئەوەی واقیعی پەیوەندی و جیاوازیی نێوان گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕو (Mahmood and Anwar,2024: 64). هەر بۆیە میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی پەسنی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە.

### ٥-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە سەرجەم خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان لە زانکۆی کۆیە لەخۆدەگرێت، کە بە پێی دواین ئاماری (بەشی ئاماری زانکۆی کۆیە) بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) لە(٤٤٥٥) خوێندکار پێکهاتووە.

### ٥-٣ نمونەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، پەنابراوەتەبەر نمونەی هەڕەمەکیی چینایەتی لە جۆری نا ڕێژەیی (Disproportionate stratified sampling). بە شێوەیەکی یەکسان قەبارەی نمونە لە هەریەکێك لەکۆلێژەکان وەرگیراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێژەی هەر کۆلێژێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی. هەروەها قەبارەی ڕەگەزیش بەهەمان شێوە بە پێی گەڕانەوە بۆ ڕێژەی ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بە شێوەیەکی یەکسان وەرگیراوە؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە هەر یەك لە (کۆلێژەکان) کە ژمارەیان (6) کۆلێژە بە ڕێژەی یەکسان (62) خوێندکار وەرگیراوە، هاوکات ڕەگەزی نێر (186) خوێندکار و ڕەگەزی مێ(186) خوێندکار کە کۆی گشتی بریتییە لە (372) خوێندکار، بۆ دیاریکردنی قەبارەتی نمونەکە پەنابراوەتە بەر یاسای ئەلفا بە پێی ئاستی گومانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (0.05).

$$n = \frac{4455}{1+4455\times(0.05)^2} = 367\approx372$$

## ٦. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

### ٦-١ پێوەری توێژینەوەکە

أ. پەسنی پێوەرەکە: بۆ پێوانەکردن و دەرخستنی کێشە و ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆ، توێژەران سودیان لە سەرچاوەی جیاواز وەرگرتووە، توێژینەوەکانی پێشتر، تیۆر و سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتە و ڕای پسپۆڕان و شارەزایان. پێوەرێکیان ئامادە کردووە، چوار ڕەهەندی سەرەکی وەک (سیاسی، دەرونی، کۆمەڵایەتی- ڕۆشنبیری و دامەزراوەیی) لەخۆدەگرێت، لە شێوەی سەرەتاییی پێوەرکە لە (34) بڕگە پێکهاتبو.

**ب. تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان**

1- ڕاستێتیی بونیادی - Contract Validity: ئەم جۆرە لە ڕاستێتییە بە یەکێك لە ڕێگە زانستی و باوەڕپێکراوەکان دادەنرێت، کە پەیوەندیی نێوان نمرەی بڕگەکانی ڕەهەندەکان بە نمرەی گشتیی ڕەهەندەکەی نیشاندەدات، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران سودیان لە هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن وەگرتووە، بە جۆرێك پێوەرکە بە شێوەییەکی گشتی لە (34) بڕگە پێکهاتووە و بەسەر (4) ڕەهەندا دابەشبووە، وەکو لە خشتەی ژمارە (١) دەبینرێت. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە (10) بڕگە، ڕەهەندی دامەزراوەیی لە (10) بڕگە پێکهاتووە، کۆی بڕگەکانی هەردو ڕەهەندەکە پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیاندا هەیە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو بڕگانە وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام بڕگەکانی(4-6 لە ڕەهەندی سیاسی)، بڕگەکانی (2-7 لە ڕەهەندی دەرونی) پەیوەستیی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیان نەبو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (P-Value>0.05)، بۆیە ئەم بڕگانە سڕانەوە و لابردراون . بۆ زانیاریی زیاتریش بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٢ ).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

خشتەی ( ٢ )

ڕاستێتیی بونیادی بۆ ڕەهەندەکانی پێوەرەکە نیشاندەدات

| ڕەهەندەکانی پێوەرکە | بڕگە | بەهای پەیوەستی | بڕگە | بەهای پەیوەستی | بڕگە | بەهای پەیوەستی | بڕگە | بەهای پەیوەستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | 1 | r/0.752** | 3 | r/0.722** | 5 | r/0.537** | 7 | r/0.567** |
| | 2 | r/0.690** | 4 | r/0.457 | 6 | r/0.181 | | |
| دەرونی | 1 | r/0.758** | 3 | r/0.722** | 5 | r/0.772** | 7 | r/0.403 |
| | 2 | r/0.242 | 4 | r/0.603** | 6 | r/0.583** | | |
| کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | 1 | r/0.677** | 4 | r/0.620** | 7 | r/0.622** | 10 | r/0.431** |
| | 2 | r/0.769** | 5 | r/0.753** | 8 | r/0.745** | | |
| | 3 | r/0.624** | 6 | r/0.347** | 9 | r/0.762** | | |
| دامەزراوەیی | 1 | r/0.536** | 4 | r/0.610** | 7 | r/0.752** | 10 | r/0.779** |
| | 2 | r/0.536** | 5 | r/0.752** | 8 | r/0.752** | | |
| | 3 | r/0.637** | 6 | r/0.697** | 9 | r/0.513** | | |

* p-Value<0.05 ** P-value<0.01

**2- جێگیری "Reliability" بۆ پێوەری توێژینەوەکە:** توێژەران بۆ جێگریی پێوەری توێژینەوەکە هەردو ڕێگەی ( Split-Half Coefficient, Internal Consistency) یان بەکارهێناوە، کە هەریەکێك لەو تاقیکردنەوانە ئاستێکی بەرزی هەیە بۆ جێگربونی هەر پێوەرێك:

**چۆنایەتیی ناوخۆیی-** Internal Consistency**:** توێژەران سودیان لە هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ وەرگرتووە، چونکە ئەم هاوکۆلکەیە گونجاوە بۆ نیشاندانی ئاستی جێگریی پێوەرەکە، وەکو لە خشتەی ژمارە (٢ )دەبینرێت، بەهای ئەلفای کرۆنباخ پێوەرەکەش بەهاکەی(0.890)ە. ئەمەش بە ئاستێکی زۆر باشی **جێگیری** دادەنرێت.

**کەرتکردنی پێوەرکە بۆ بڕگەی جوت و تاك- Split-Half Coefficient**

توێژەران پێوەرەکەیان بۆ دونیوە کەرتی بڕگەی جوت و تاك لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (Guttman Split-Half Coefficient) ئەنجامدا. کە بەهای پێوەرکە بریتیی بو لە (0.917) ئەمەش ئاستێکی زۆر باشە بۆ جێگری هەر پێوەرێك. بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

خشتەی ( ٣ )

ئاستی جێگری بۆ پێوەری توێژینەوەکە نیشان دەدات

| پێوەری توێژینەوەکە | ژمارەی بڕگە | Mean | Alpha's Cronbach | Guttman Split-Half Coefficient | Spearman-Brown Coefficient |
|---|---|---|---|---|---|
| Part 1 بڕگەی تاك - | 15 | 3.211 | 0.821 | | |
| Part 1 بڕگەی جوت- | 15 | 2.928 | 0.784 | 0.917 | 0.919 |
| Both Parts | 30 | 3.070 | 0.895 | | |


**3. نۆرماڵەتی داتاکان "دابەشبونی سروشتی داتاکان"**

بۆ دابەشبونی سروشتی داتاکان سودمان لە تاقیکردنەوەی ( Kolmogorov-Smirnov) وەرگرتووە، هەرکاتێك ئەنجامی بەدەستهاتوی تاقیکردنەوەکە گەورەتر بێت لە ئاستی گومانی ( 0.05)، ئەوا ئاماژەیە بۆ نۆڕماڵبونی داتاکان. بە پێچەوانەوە هەرکاتێك ئەنجامی بەدەستهاتووی تاقیکردنەوەکە بچوکتر بو لە ئاستی گومانی (0.05) ئەوا دەردەکەوێت داتاکان نۆرماڵ نیین، وەك لە خشتەی (٤ ) دەردەکەوێت. ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (p.value= 0.200 ) ئەمە ئەنجامەش گەورەترە لە ئاستی (0.05)؛بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە داتا بەدەستهاتووەکان بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبونە، بەمەش دەتوانین سود لە ئامارە پاڕامەترییەکان وەربگرین و گشتاندن بۆ ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بکەین.

خشتەی ( ٤ )

دابەشبونی سروشتیی داتاکان نیشاندەدات

| پێوەری توێژینەوەکە | ژ. نموونە | Mean | Kolmogorov-Smirnov | Z |
|---|---|---|---|---|
| | 372 | 3.070 | 0.200 | 0.033 |




شێوەی ژمارە (1) نۆرماڵەتی داتاکان نیشاندەدات

## ٧.گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە

### یەکەم: دەرخستنی ئاستی گرنگترین (گرفت و ئاڵنگارییەکان) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

بە مەبەستی دەرخستنی ئاستی گرتگترین ئەو گرفت و ئاڵنگارییانەی ڕوبەڕوی گەنجانی زانکۆ دەبێتەوە، توێژەران سودیان لە ئاماری پەسنی وەرگرتووە، وەك لە خشتەی (٥) دەرکەوتووە :

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

أ- **لە ڕەهەندی دامەزراوەییدا** : دەرکەوتووە ناوەندی ژمێرەیی (3.39)یە، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "تاڕادەیەك" و "لەگەڵیدام" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گرفتی ئابوری و دامەزراوەیی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەندایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە برتییە لە (0.65) ئەمەش ئەوە نیشاندەدات لە ڕەهەندی دامەزراوەیی جیاوازی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکەدا کەمە. ئەم ڕەهەندەش لەچاو ڕەهەندەکانی تری لە ئاستێکی بەرزتردایە.

ب- **لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی - ڕۆشنبیری**: دەرکەتووە ناوەندی ژمێرەیی (3.06) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " تاڕادەیەك" و " لەگەڵیدام" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گرفتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەند دایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە برتییە لە (0.80) ئەمەش ئەوە نیشاندەدات لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیاوازی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکەدا کەمە. ئەم ڕەهەندەش لە ڕوی ئاستەوە پلەی دووەمی لە نێوان ڕەهەندەکاندا بەدەستهێناوە.

ج - **لە ڕەهەندی دەرونیدا**: دەرکەتووە ناوەندی ژمێرەیی (2.86) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "لەگەڵیدانیم" و "تاڕادەیەك"، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گرفتی دەرونی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەند دایە، بەلادانی پێوەری (1.105) ئەم ڕەهەندەش لەچاو ڕەهەندەکانی تر لە پلەی سێیەمدایە .

د- **لە ڕەهەندی سیاسیدا:** دەرکەتووە ناوەندی ژمێرەیی (2.63)یە، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " لەگەڵیدانیم" و " تاڕادەیەك"، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گرفتی سیاسی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەند دایە، بەلادانی پێوەری (0.89) ئەم ڕەهەندە لەڕوی ئاستەوە لە هەمویان نزمترە. واتا گرفت و ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم گەنجانی زانکۆ لە ڕوی ئاستەوە مامناوەندە، بەڵام لەچاو ڕەهەندەکانی تر لە ڕوی پلەوە نزمترە.

خشتەی (٥)

ئاستی گرفت و ئاڵنگارییەکان لای نمونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| ڕەهەندەکان | ژ. نمونە | نزمترین نمرە | بەرزترین نمرە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دامەزراوەیی | 372 | 1.50 | 4.60 | 3.39 | 0.65 | ناوەند |
| کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | 372 | 1.00 | 5.00 | 3.06 | 0.80 | ناوەند |
| دەرونی | 372 | 1.00 | 5.00 | 2.87 | 1.105 | ناوەند |
| سیاسی | 372 | 1.00 | 5.00 | 2.63 | 0.89 | ناوەند |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەی پێوەرەکان= 5-1/5 = 0.80 (1- 1.80، زۆر نزمە) ( 1.81- 2.60، نزم) ( 2.61- 3.40، ناوەند) (3.41- 4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز) (Khdir and othre, 2025 :387).

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو کردار و هەڵسوکەوتانەی لە نێو زانکۆ ئەنجام دەدرێن، بەتایبەتی لە ئاستی دامەزراوەیی و هەڵسوکەوتی مامۆستایان و لایەنی کارگێڕیی زانکۆ، تا ڕادەیەک گرفتی دروستکردووە و خوێندکاران پێیانوایە ئەگەر لایەنگری حیزبی یا سیاسیت نەبێت، بەو شێوەیەی کە پێویستە، ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، یا ئەوەی کە بە هۆی نەبونی ئینتیمای حیزبی یا بەشداریی سیاسی ڕەنگە هەندێک لە خوێندکاران کە ئاستێکی باشیشیان هەیە، بە تایبەتی لە لایەن مامۆستایان پەراوێز بخرێن.

هەروەها لە ڕوی کۆمەڵایەتیشەوە ئەو خوێندکارانەی کە لایەنگریی حیزبییان هەیە یا سەر بە یەک ئاراستەی سیاسین، ڕەنگە زیاتر پەیوەندییان لە گەڵ یەکتر هەبێت و زیاتر هاوکاریی یەکتر بکەن، بە بەراورد بەو خوێندکارانەی کە کاری سیاسی ناکەن یا لایەنگریی حیزبیان نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە سەر بنەمای ئاراستە و لایەنگریی حیزبی دروستدەبن.

سەبارەت بە ڕەهەندی سیاسی و کەمبونەوەی ئاستەکەی، بە هۆی ئەوەی کە زانکۆ دامەزراوەیەکی ئەکادیمییە و توێژی خوێندکاریش ئەرکی سەرەکییان کاری سیاسی نییە و کاری سیاسی ناکەن، بۆیە ئەگەر گرفتیشیان بۆ دروست بکرێت، ئەوا دەکرێت لە ڕوی دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی یا دەرونی دروست بێت، یا دەکرێت ئەو کاتە لە ڕوی ئابورییەوە کێشە دروست ببێت، کە دەرفەتی کار بۆ کەسێک نەبێت، کە سەر بە لایەنێکی سیاسی نەبێت، یا سەر بەو لایەنە سیاسییە نەبێت کە لەو ناوچەیە باڵا دەستە، ڕەنگە بە ئاسانی کاری دەست نەکەوێت.

**دووەم: دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە**

**1- ڕەگەز**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لەسەر (گرفت و ئاڵنگارییەکان )ی بەردەم گەنجانی زانکۆ، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت، کە تێیدا ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر و مێ پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی ( ٦) دەردەکەوێت: هەر یەکێك لە ڕەهەند یاخود گرفتەکانی **( دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، دەرونی)** بەهای (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراویان بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.965) بە نمرەی ئازادی (370)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین"کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری، سەبارەت بە گرفت و ئاڵنگارییە (دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، دەرونی)ەکان، لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، نییە. واتە گۆڕاوی ڕەگەز سەبارەت بە ئاستی گرفتە (دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی و دەرونی)ەکان، گۆڕانکاریی لە ئەنجامی توێژینەوەکە نەکردووە. بە دەربڕینێکی تر، خوێندکارانی زانکۆ هەر ڕەگەزێکیان هەبێت، هەمان نمرەیان سەبارەت بەم ڕەهەندانەی ئاژەمان پێکردوون وەرگرتووە و جیاوازی لە نێوانیاندا نییە. سەبارەت بە ڕەهەندی **(سیاسی)**، بە سەرنجدان بەوەی بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value<0.05) بە نمرەی ئازادی (370). جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری سەبارەت بە گرفتی سیاسی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، ئەم جیاوازییەش بۆ ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە، واتە خوێندکاری ڕەگەز (نێر)، بە بەراور بە خوێندکاری ڕەگەزی (مێ)، زیاتر ڕوبەڕوی گرفتی سیاسی دەبنەوە، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ زیاترە.

خشتەی (٦)

جیاوازیی نێوان ڕەگەزی "نێر و مێ" سەبارەت بە ئاستی گرفتە (دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی) ەکان نیشاندەدات

| ڕەهەند | گۆڕاو | ژ. نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازیی ناوەندەکان | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەداری(0.005) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دامەزراوەیی | نێر | 186 | 3.43 | 0.67 | 0.06 | 0.314 | 1.008 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 186 | 3.36 | 3.63 | | | | | |
| کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | نێر | 186 | 3.1 | 0.86 | 0.15 | 0.060 | 1.885 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 186 | 2.98 | 0.74 | | | | | |
| دەروونی | نێر | 186 | 2.93 | 1.11 | 0.12 | 0.268 | 1.109 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 186 | 2.80 | 1.09 | | | | | |
| سیاسی | نێر | 186 | 2.77 | 0.93 | 0.28 | 0.002 | 3.106 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 186 | 2.48 | 0.82 | | | | | |

N= 372 df= 370

دەتوانین ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا سیاسەت زیاتر سیمایەکی پیاوانەی بەخۆوەگرتووە و ڕەگەزی نێر زیاتر بەشداریی پرس و پرۆسە سیاسییەکان دەکەن، بێگومان لە میانی ئەو بەشداریکردنەش ڕووبەڕووی گرفتی زیاتر دەبنەوە.

**2- لایەنگری حیزبی (هەبوونی ئینتیمای حیزبی، بێلایەن)**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی لایەنگری حیزبی لەسەر گرفت و ئاڵنگارییەکانی بەردەم گەنجانی زانکۆ، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت، تێیدا ناوەندی ژمێرەیی لایەنگری حیزبی و بێلایەن پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی (٧) دەردەکەوێت: سەرجەم ڕەهەندەکان، یاخود گرفتەکانی **( دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، دەروونی، سیاسی)** بەهای (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراویان بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.965) بە نمرەی ئازادی (370)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین"کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (لایەنگری حیزبی و بێلایەن)، سەبارەت بە گرفت و ئاڵنگارییە (دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، دەروونی، سیاسی)ەکاندا، نییە. بەواتای ئەوەی ئەم گۆڕاوە، سەبارەت بە ئاستی گرفتە (دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی)ەکان، گۆڕانکاری لە ئەنجامی توێژینەوەکە نەکردووە. بە دەربڕینێکی تر، ئەو خوێندکارانە لایەنگری حیزب بن، یاخود بێلایەن، هەمان نمرەیان سەبارەت بەم ڕەهەندانەی ئاژەمان پێکردوون وەرگرتووە و جیاوازی لە نێوانیاندا نییە. بە پێی ئەو ئەنجامەی بەدەستهاتووە، دەتوانین بڵێین: لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەشداریی سیاسیی گەنجان بەرز نییە و مامناوەندە، بەڵام بەو ڕێژەیەش لایەنگری حیزبی یا بێلایەنی، نەبۆتە هۆی دروستبونی ئاڵنگاری لەبەردەم بەشداریی سیاسیدا.

خشتەی (٧)

جیاوازیی نێوان "لایەنگری حیزب و بێلایەن" سەبارەت بە ئاستی گرفتی (دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی) نیشاندەدات

| ڕەهەند | گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازیی ناوەندەکان | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەداری (0.005) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دامەزراوەیی | لایەنگیری حیزبی | 3.40 | 0.68 | 0.02 | 0.964 | 0.046 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | بێلایەن | 3.39 | 0.64 | | | | | |
| کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | لایەنگیری حیزبی | 3.00 | 0.75 | 0.06 | 0.569 | 0.571 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | بێلایەن | 3.07 | 0.81 | | | | | |
| دەروونی | لایەنگیری حیزبی | 2.82 | 1.06 | 0.05 | 0.750 | 0.319 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | بێلایەن | 2.67 | 1.11 | | | | | |
| سیاسی | لایەنگیری حیزبی | 2.62 | 0.82 | 0.002 | 0.981 | 0.023 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | بێلایەن | 2.63 | 0.90 | | | | | |

**N= 372 df= 370**

**2- ئاستی ئابوری**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ئاستی ئابوری لەسەر گرفتی (دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی)، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One-Way ANOVA) وەرگرت، کە بۆ دەرهێنانی جیاوازیی نێوان سێ گروپ و زیاتر بەکاردێت. وەك لە خشتەی ( ٨) دەرکەوتووە، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان گروپەکاندا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی، کە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05) گەورەترە. واتە خوێندکاران هەر ئاستێکی ئابورییان هەبێت، ئەوا سەبارەت بە ئاستی گرفتە دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

و دەروونی و سیاسییەکان جیاوازییان نییە، بەڵکو هەمان نمرەیان وەرگرتووە سەبارەت بەو گرفتانەی ئاماژەمان پێداون.

خشتەی (٨)

کاریگەریی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ئاستی ئابوری لەسەر گرفتە( دامەراوەیی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، سیاسی) نیشان دەدات

| ڕەهەند | گروپەکان ئاستی ئابوری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دامەزراوەیی | باش | 163 | 3.40 | 0.66 | 1.143 | 0.320 |
| | مامناوەند | 175 | 3.38 | 0.65 | | بەڵگەدار نییە |
| | خراپ | 34 | 3.57 | 0.59 | | |
| | کۆی گشتی | 372 | 3.39 | 0.65 | | |
| کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | باش | 163 | 3.04 | 0.87 | 0.195 | 0.823 |
| | مامناوەند | 175 | 3.05 | 0.79 | | بەڵگەدار نییە |
| | خراپ | 34 | 3.15 | 0.85 | | |
| | کۆی گشتی | 372 | 3.06 | 0.80 | | |
| دەرونی | باش | 163 | 2.87 | 1.10 | 0.130 | 0.879 |
| | مامناوەند | 175 | 2.85 | 1.09 | | بەڵگەدار نییە |
| | خراپ | 34 | 2.96 | 1.18 | | |
| | کۆی گشتی | 372 | 2.86 | 1.10 | | |
| سیاسی | باش | 163 | 2.60 | 0.93 | 0.070 | 0.920 |
| | مامناوەند | 175 | 2.63 | 0.86 | | بەڵگەدار نییە |
| | خراپ | 34 | 2.58 | 1.06 | | |
| | کۆی گشتی | 372 | 2.63 | 0.89 | | |

## ٨. دەرئەنجامەکان

لە میانی ئەو ئەنجامانەی لە لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە کۆکراوەتەوە و شیکردنەوەی ئاماریی بۆ کراوە، بە چەند دەرئەنجامێک دەگەین کە بریتین لەوەی:

١. بە گشتی ئاستی ئاڵنگارییەکانی بەشداریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لە ئاستێکی ناوەندایە، بەڵام لە ڕەهەندی دامەزراوەیی، بە بەراورد بە ڕەهەندەکانی دیکە، کەمێک ئاستەکەی بەرزترە. دەتوانین ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە خوێندکاران ڕووبەڕووی پرسەکانی پەیوەست بە ڕێکارە کارگێڕییەکان، تەرخانکردنی سەرچاوە و پێداویستییەکان، پشتگیریی ئەکادیمی و سیاسەتەکانی دامەزراوەیی دەبنەوە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئاستی بەشداریی سیاسی ئەوان بوبێت. واتە خوێندکارێک ئەگەر سەر بە حیزبی باڵادەستی زانکۆ نەبێت یا ئینتیمای سیاسیی نەبێت، ئەگەری هەیە توشی بەربەستی دامەزراوەیی بێت، ئەمەش کاریگەریی لە بەشداریکردنی لە بواری سیاسی دەبێت.

٢. ڕەهەندی سیاسی کەمترین ئاستی هەیە، دەتوانین ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە زانکۆ ناوەندێکی ئاکادیمیە و ئیشی سەرەکیی خوێندکاران خوێندن و خۆپێگەیاندنە و وەک دامەزراوەیەکی دیکە نییە، کە کارەکان بە هۆی لایەنگری یا نەبونی لایەنگری ڕاپی نەکرێن.

٣. سەبارەت بە گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز، ڕێژەی ئەو ئاڵنگارییە سیاسییەکان لای ڕەگەزی نێر زیاترە، ئەمەش دەتوانین بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە لە کۆمەڵگای کوردی، ڕەگەزی نێر زیاتر بە پرس و بابەتە سیاسییەکانەوە پەیوەستن، هەر بۆیە دەکرێت بەو هۆیەوە زیاتر توشی گرفت ببنەوە، بە پێچەوانەی ڕەگەزی مێ، بەڵام سەبارەت بە ڕەهەندەکانی تر هیچ جیاوازییەك لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە.

٤. لایەنگریی حیزبی یا نەبونی لایەنگری، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە. ئەمەش دەکرێت بە خاڵێکی ئەرێنی دابنرێت، کە نەبونی لایەنگریی حیزبی لە زانکۆی کۆیە، سەبارەت بە کاروباری خوێندکاران، نەبۆتە گرفت و خوێندکاران هەستیان بەو جیاوازیکردنە نەکردووە.

## سەرچاوەکان

ئەلحەسەن، ئیحسان محمد(٢٠١٢). *ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

باخەوان، عادل، (٢٠١٥). *سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان*، تاران: چاپخانەی تاران.

تەڵعەت، ڕابەر،(٢٠٠٦) ، *گەنج و بەشداریی سیاسی*، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

شیفەرس، برنهارد،(٢٠٠٨) *بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان*، وەرگێڕانی یوسف فەقیهی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

رسول، عابد خالد،(٢٠١١). *بەشداریکردنی سیاسی*، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

صالح، هەردی زیاد(٢٠١٠). *کێشەکۆمەڵایەتییەکانی لاوان*، ماستەرنامە- بڵاونەکراوە. زانکۆی سەلاحەدین.

عەبدوڵا، کوێستان علی(٢٠٢٢). *بەجیهانی بوونی کلتور و کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج*، تێزی دکتۆرا-بڵاونەکراوە.

عەزیز، سەرکەوت عبدالقادر(٢٠٢٢). *گەنج و گەشەپێدانی کلتوری، دەرفەت و ئاڵنگاریەکان*، ماستەرنامە-بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی.

مەجید، ڤیان( ٢٠٠٧). *ژن، تاک، سیاسەت، لێکۆڵینەوە*، سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

فەرەج، ئەنوەر محمد (2009). *دەروازەیەك بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان*، چاپی دووەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

میران، رەشاد، (٢٠١٠). *چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی*، دهۆك: چاپخانەی خانی.

خالد، غسان،(٢٠١٢). *البيروقراطية، قرأة سوسيولوجية في الديموقراطيات العربية*، بيروت.

شعبان، خالد رجب علي،(٢٠١٣). *نحو تعزيز المشاركة السياسية للطالبات الجامعيات الفسلطينيات*، مجلة العلوم السياسية، عدد ٤٦، جامعه بغداد.

الطيب، مولود زايد (2007). *علم الاجتماع السياسي*، بنغازي- ليبيا: دار الكتب الوطنية.

عجال محمد لمين لعجال،( ٢٠٠٧). *إشكالية المشاركة السياسية وثقافة السلم*، مجلة العلوم الإنسانية، العدد 12، الجزائر.

العجمي، حجاج،(٢٠١٦). *المشاركة السياسية لطلبة كلية التربية الأساسية بدولة الكويت*: دراسة ميدانية، مجلة كلية التربية - جامعة الأزهر. مج. ٣٥، ع. ١٦٨، ج. ١.

العجمي، محمد منيف محمد،(٢٠٢٣). معوقات *المشاركة السياسة للمرأة الكويتية من وجهة نظرها في ضوء بعض المتغيرات*، مجلة حوليات اداب عين شمس، المجلد51، العدد 7. جامعة عين شمس.

محسنی، علی، یاسمی، محسن(١٣٩٦). *بررسی عوامل اجتماعی مرتبط بامشارکت سیاسی جوانان*، فصلنامه مطالعات علوم اجتماعی، دوره ٣، شماره ٢.

ميسوم، إلياس، باعلي واسعيد باحمد،(٢٠٢٢). التأصيل النظري لمفهوم المشاركة السياسة، المجلة الجزائرية للسياسة و الامن، المجلد١، العدد١.

Badaru, K. A., & Adu, E. O. (2021). The Political Awareness and Participation of University Students in post-Apartheid South Africa. *Research in Social Sciences and Technology*, *6*(3), 1–24. https://doi.org/10.46303/ressat.2021.22

Dalton, R. J. (2016). *The Good Citizen: How a Younger Generation is Reshaping American Politics*. CQ Press. Availible at this link: https://books.google.iq/books?hl=en&lr=&id=enmHCgAAQBAJ&oi=fnd&pg=PP1&dq=Dalton,+R.+J.+(2016).+The+Good+Citizen:+How+a+Younger+Generation+is+Reshaping+American+Politics.+CQ+Press.&ots=n3vKEn2L3N&sig=5e-FdKHnojhNBvhzr4UfOfM3tmc&redir_esc=y#v=onepage&q&f=false

Eisinger, Peter. K. (1973). The Conditions of Protest Behavior in American Cities, American Political Science Review, Volume 67, Issue 1, March 1973, pp. 11 – 28. https://doi.org/10.2307/1958525.

Ibrahim, M. Y., Abd Muis, M., Bakar, M. H., Zainal, M. A., Hashim, M. J., & Jusoh, M. H. (2023). Factors on political involvement among university student in Malaysia. *Multidisciplinary Science Journal*, *6*(5), 2024060. https://doi.org/10.31893/multiscience.2024060

Khdir, P. A., Mahmood, D. O., & Omer, R. K. (2025). Social Trust and Self-Confidence Among University Students: Field Research at Raperin University. *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, *8*(1), 379–392. https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392

Kriesi, H. and others (1995). New Social Movements in Western Europe: A Comparative Analysis. University of Minnesota Press, p. 167. file:///C:/Users/TechLine/Downloads/9781136996528_googlepreview.pdf

Mahmood, D. O., & Anwar, B. H. (2024). The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And "John Dollard". *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, *7*(2), 58–72. https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72.

Nachmais. D (1974). Modes and types of political alienation, British journal of sociology vol 25.NO 4.

Parts, Mariana and Meunier, Axel (2021). Political efficacy and participation; An empirical analysis in European countries, OECD Working Papers on Public Governance (OECD), No 46, Availible in this link: https://dx.doi.org/10.1787/4548cad8-en

Sherry R. Arnstein (1969). “A Ladder of Citizen Participation”, Journal of the American Institute of Planners, vol. 35, no 4.

SHRIVASTAVA, RASHMI (1987). POLITICAL PARTICIPATION AMONG UNIVERSITY STUDENTS. *The Indian Journal of Political Science*, *48*(1), 84–95. http://www.jstor.org/stable/41855867

Tarrow, Sidney. (1998). Power in Movement: Social Movements and Contentious Politics. Cambridge University Press, pp. 77- 85. Online publication date: June 2012. https://doi.org/10.1017/CBO9780511813245

Tilly, Charles. (1978). From Mobilization to Revolution. Addison-Wesley.